# بۆ جەزا چنگیانی بە ناو نووسەر ...!!

به بێ جێ کەسێ بێ بکا غەیبەتم ،

سەگی هارە ، دێ دەمگەزێ پڕ بە دەم .. !

جەزا چنگیانی کە ئیدیعای ئەوە دەکا نووسەرەو کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بەسەر خەڵك و لایەنی سیاسیدا دەفرۆشێ و هەر رۆژە لەسەر ئاوازێك دەخوێنێ ، رۆژێ پەلاماری فلاڵن حزب دەدات و رۆژێکی تر لە جیاتی ئەوەی باس لەو دیموکراسیەت و بوژانەوە ئابووریەی ژێر دەسەڵاتی پارتیمان ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) بکات ، کە لە سایەیدا بوژانەوەیەکی فیکری ، فەرهەنگی و ئابووری دیارو بەرچاو هەیە و نە بە جەنابی جەزاو نە بە هیچ قەڵەمێکی شپرزەی هاوشێوەی، ئەو دەسکەوتانە پەردەپۆش ناکرێن ، چەندین دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئازاد و چەندین حزب و رێکخراوی سیاسی و رێکخراوی مەدەنی لەو چەند ساڵەی دواییدا دروستکراون و لە لایەن پارتیشمانەوە نەك هەر رێیان لێ نەگیراوە بەڵکوو کارئاسانی تەواویان بۆ کراوەو تەنانەت بودجەی پێویستیان بۆ دابینکراوە ..!!

لە 58 ەمین ساڵیادی پارتیشماندا رێك لە 16 ی ئاب چەندین پرۆژەی گرنگ و بەرچاو ئیعلانکران کە خزمەتێکی بەرچاوی خەڵکی بارزانی پەروەری قەڵاو منارە دەکەن ... هەموو ئەو خزمەت و پرۆژە گرنگانە با لەولا بوەستن و منەت نین بەسەر گەلەکەمانەوە چونکە پارتی بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دروستبووەو تا پێی بکرێ درێژە بە رێبازی باوکی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی دەدات و خۆی بە خزمەتکاری میللەت دەزانێ ، بەڵام کاتێ یەکێك کە نە گوللەیەکی بە رژێمی فاشی بەعسەوە ناوەو نەسەرماو گەرمای ئەو شاخ و داخەی چێشتووە و دێ زۆر بێ ئەدەبانە تانەو تەشەر دەگرێتە جەنابی سەرۆك و 58 ساڵی خەباتی پارتیمان کە خەڵکی کوردستان لە سایەیدا بوونەتە خاوەنی ئازادی و دیموکراسیەت بە هەند هەڵناگرێ و پەیڤی زۆر نەشیاوو بازاڕی دژی پارتیمان بە کاردێنێ شیاوی ئەوەیە کەنەك تەنیا وەڵامی بدرێتەوە بەڵکوو سەرنجی رابکێشرێ و بە ئاگا بهێنرێتەوە ..!

ئەو ئەفەندییە کاڵفامە تەنانەت کۆمەڵگای کورد بە کۆمەڵگایەکی گەوج و دەبەنگ ناودەبات و ئاهەنگی 16 ی ئاب بە هەمان ئەو ئاهەنگانەی سەردەمی بەعس دەچوێنێ ، کە لە مەیاندا

تەواو شوولی لێ هەڵکێشاوە چونکە جەنابی سەرۆك بە دیکتاتۆری بەعس یاخود خەلیفەکانی عەباسی دەشوبهێنێ و وەکوو ئەوەی ئێمە بە زۆری زۆرداری خەڵکمان هێنابێ و هەڵیانبپەڕێنین ، نازانێ ئەو جەماوەرە تێکۆشەرو نیشتمان پەروەرە باش پارتیمان دەناسن و لە نزیکەوە دەسکەوتەکان دەبینن و دەشزانن نە جەنابی سەرۆك و نە پارتی دیموکراتی کوردستانیش گیرفانێکیان نییە شاردراوەبێ لە خەڵك ، ئەو پارەیەی سەرۆك بارزانی و پارتیمان هەیانە پارەی کۆمەڵانی خەڵکەو هەربۆ ئەوانیش سەرف دەکرێ ..بە پێچەوانەی تۆمەتە ناڕەواکانی کاکی نووسەر ! گوایە هەرچی پارەیەك هەیە دابەش کراوەتە سەر بنەماڵەی بارزانی کە ئەو تۆمەتە زۆر لە راستییەوە دوورەو سەرۆك لە بەرامبەر گەلەکەماندا خاوەنی هیچ پارەیەك نییەو هەموو داهاتی پارتیمان داهاتێکە بۆ کۆمەڵانی خەڵك و بۆ جێ بە جێکردنی پرۆژەو خزمەتگوزاری پێویست ...
کاتێ هونەرمەندە بە هەڵوێستەکانی شاری هەولێریش گۆرانی بۆ 16 ی ئاب دەچڕن بە بازاڕی وەسفیان دەکات کە حەقە لە هەموو ئەو هەڵوێستە چەوتانەدا ئەو برادەرە نەخۆشە بە خۆیدا بچێتەوەو لە خۆی بپرسێ بۆ وادەکات ..؟! هونەرمەندان کاتێ لە 16 ی تەباخدا گۆرانی دەڵێن و کاتێ کۆمەڵانی خەڵك ئەو یادە بەرز رادەگرن ئەوە یادی شۆڕشێکە کە پڕە لە گیانبازی و کوردایەتی ، کە پڕە لە هەورازو نشێو لە پێناو ئەواندا واتە یادی پارتی نییە بە تەنیا وەك حزبێك بەڵکوو یادی ئەو هەموو ساڵەیە لە خەبات کە قەڵەمە نەزۆك و نەزانەکان ئەو حەقیقەتە نابینن و لە ئاستی گەورەیی شۆڕشی بارزانی باوك و سەرۆك مەسعود بارزانیدا چاویان کوێرو بیناییان تاریکە ..!
بەڵێ پارتی هێزێکی دیموکراتی و دیموکراتخوازە ، کە هەر سەرۆك بارزانیش لە سەرەوەی هەرەمەکەیە  مانای ئەوە نییە کە لاماندا وە لە بنەماکانی دیموکراسیەت ، هەرگیز رێ لە هیچ کەسێك نەگیراوە خۆی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرێ ..! بەڵام لە ریزەکانی پارتیماندا تەواوی ئازادی بیروبۆچوون هەیەو ئێمە تا ئەو پەڕی دیموکراسین ..لە کۆتاییدا دەڵێین : کاروانی پارتیمان هەر رێگا دەبڕێ و با سەگەکانیش بەردەوام بن لە حەپین ..!
تێبینی / ناوبراو بە ناو وتارەکەی پێشکەش بە شاعیری گەورەی گەلەکەمان ( پەشێو ) کردووە ، هیوادارین پەشێو ئەو دەنگە نەزۆکانە نەناسێ ..!

**عەدنان رۆژبەیانی**

2004/08/27